walamakan.com

# چل

# ئامۆژگاری بۆ تەوبەكاران

وەرگێڕانی بە دەستكارییەوە

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەكان

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووود و سڵاویش بۆ سەر پێشەواو و پێشەنگمان موحەممەد. هەروەک دەزانن: یەکێک لەو دیمەنانەی دڵ ئاو دەدات و ڕۆح گەش دەکاتەوە، بینینی ئەو گەنجە تەوبەکارەیە کە دوای هەوراز و نشێوێکی زۆر، گەڕاوەتەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە؛ ڕێگەی نوور و هیدایەت.

جێگەی دەستخۆشی و سوپاسگوزارییە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو کچ و کوڕانەی ڕوو لە خوا دەکەنەوە، لە زیادبووندایە.

بەڵام کاتێک بە وردی سەیری هەندێک لە کچ و کوڕە تازە تەوبەکارەکان دەکەین، هەست بە هەندێک کەلێن و ناڕوونی دەکەین لە هەڵسوکەوتیاندا. ئەمەش

جێگەی سەرسوڕمان نییە؛ چونکە ڕێگەی تەوبە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ ئەوان و هێشتا شارەزای هەموو وردەکارییەکانی نین.

هەربۆیە، کۆمەڵێک ئامۆژگاری زێڕینم بۆ هەڵبژاردوون کە لەم سەفەری گەڕانەوەیەدا دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆیان؛ بەو ئومێدەی ئەم وشانە ببنە چرایەک بۆ ڕێگەکەیان، هەنگاوەکانیان ڕاست بکەنەوە و دەستیان بگرن بەرەو میانڕەوی و جێگیربوون لەسەر دینداری.

**یەکەم: سوپاسگوزاریی ئەو دەرفەتە بەسوپاسی بێپایانی خودا بکە** کە تۆفیقی تەوبەکردنی پێ بەخشیت؛ چونکە ئەو دەرفەتی پێدایت پێش ئەوەی مەرگ یەخەت بگرێت و لە ناو گێژاوی گوناهەکاندا کۆچی دوایی بکەیت، بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەو.

ئەمە گەورەترین چاکەی خودایە کە تەمەنی پێ درێژ کردیت تا لاپەڕەیەکی سپی هەڵدەیتەوە.

**دووەم: تۆ لە مردنەوە زیندوو بوویتەوە** باوەڕت وابێت کە پێش تەوبەکردن وەک مردوویەک وابوویت، بەڵام ئێستا خودا بە نووری هیدایەت ژیانی پێت بەخشیوەتەوە. هەروەک پەروەردگار دەفەرموێت: (أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا) الأنعَام

**سێیەم: خودا تەوبەکەتی زۆر پێ خۆشە زۆر.** پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویێت: «خۆشحاڵیی خودا بە تەوبەی بەندە باوەڕدارەکەی، زۆر زیاترە لە خۆشحاڵیی ئەو کەسەی کە لە بیابانێکی چۆڵدا وشترەکەی لێ ون دەبێت کە خواردن و خواردنەوەی لەسەر بووە، دوای ئەوەی نائومێد دەبێت و چاوەڕێی مردن دەکات، کتوپڕ و لەناکاو وشترەکەی بە هەموو توێشووەکەیەوە لەسەری سەری دەبینێتەوە»

تەسەور بکە؛ خودای گەورە بەو شکۆمەندییەی خۆیەوە، ئەوەندە گەڕانەوە و تەوبەی تۆی پێ خۆشە!

**چوارەم: گۆڕینی گوناهەکان بۆ چاکە** ئایا دەزانیت خودای میهرەبان بەڵێنی داوە نەک هەر لە گوناهەکانت خۆش بێت، بەڵکو هەموو خراپەکانت بۆ بکات بە چاکە؟ ئەمە گەورەترین خەڵاتە بۆ تەوبەکارانی ڕاستگۆ.

پەروەردگار دەفەرموویێت: (إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ)؛

واتە: «تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە تەوبە دەکەن و ئیمان دەهێنن و کردەوەی چاک دەکەن، ئەوانە خودا خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە».

## پێنجەم: پیرۆزە! تۆ بوویتە خۆشەویستی خودا

ئایا دەزانیت هەر لەو ساتەی بڕیاری گەڕانەوەت داوە، چ پلەیەکی بەرزت بەدەست هێناوە؟ تۆ ئێستا لەو کەسانەیت کە خودای گەورە ڕاستەوخۆ خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیون. پەروەردگار دەفەرموویێت: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ)؛ واتە: «بێگومان خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە زۆر تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە.» تەنها بیر لەوە بکەرەوە کە پەروەردگاری گەردوون تۆی خۆش دەوێت!

## شەشەم: لەگەڵ خودا ڕاستگۆ بە

لە تەوبەکەتدا خاوەن بڕیار و ڕاستگۆ بە ، ئەگەر لە دڵەوە ڕاستگۆ بیت لە وازهێنان لە گوناه، دڵنیابە خودا ڕێگەی گەیشتن بە بەهەشتت بۆ ئاسان دەکات.

## حەوتەم: لە هاوڕێی خراپ ڕابکە؛ ئەوان ژەهرن!

بۆ ئەوەی نەکەویتەوە ناو هەڵەکانی ڕابردوو، دەبێت زۆر بوێر بیت: دووربکەوەرەوە لە هاوڕێی خراپ، مەچۆوە ناو کۆڕ و مەجلیسیان، ژمارەی تەلەفۆنەکانیان بسڕەوە و هەر شتێک یادگاری ئەوانت بیر دەخاتەوە لە ژیانتدا دەریان بکە. هاوڕێی خراپ وەک ژەهرێکی بکوژ وایە؛ ئەگەر کەمێک دەستیان لێ شل بکەیت، وردە وردە پێت ڕادەکێشنەوە بۆ ناو ئەو زۆنگاوەی کە لێی دەرباز بوویت.

## هەشتەم: داوای جێگیربوون لە خودا بکە

تەوبە دەستپێکە، بەڵام جێگیربوون (ئیستیقامە) هونەرە. هەمیشە بە دڵێکی شکاوەوە لە خودا بپاڕێوە کە دڵت دامەزراو بکات. تەنانەت پێغەمبەریش (ﷺ) زۆرترین دوعای ئەمە بوو: «یا مُقَلِّبَ القلوبِ ثبتْ قلبي علَى دينِكَ»؛ واتە: «ئەی ئەو خودایەی دڵەکان وەردەگێڕێت، دڵم لەسەر ئایینەکەت جێگیر و دامەزراو بکە.»

**نۆیەم: بالانسی نێوان "ترس" و "ئومێد" ڕاگرە** هەرگیز ڕێگە مەدە ترس لە خودا بتخاتە ناو نائومێدییەوە، بەڵکو با ئومێدت بە بەزەیی ئەو هەمیشە زیاتر بێت. بزانە کە خودا لێخۆشبوونی زۆر فراوانە.

## دەیەم: پاشماوەکانی ڕابردوو پاک بکەرەوە

بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی خۆت لە تەوبەکەتدا بسەلمێنیت، پێویستە دەستبەجێ هەموو پاشماوەکانی سەردەمی تاوان لەناو ببەیت: وەک ئەو وێنە و ڤیدیۆ و گۆرانی و حەرامانەی لە مۆبایلەکەتدایە. ئەم پاککردنەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ بە جددی پەڕەیەکی نوێت لە ژیاندا هەڵداوەتەوە.

## یازدەیەم: سەرەتاکە کەمێک قورسە، بەڵام کۆتاییەکەی

**ڕووناکە** ڕەنگە لە سەرەتای وازهێنان لە هەندێک تاوان هەست بە نارەحەتی و قورسی بکەیت، بەڵام کۆڵ مەدە! لەگەڵ نەفسی خۆتدا بجەنگە و ئارام بگرە چونکە کۆتاییەکەی ڕووناکە.

## دوازدەیەم: چاوەڕێی مەعسوم بوون لە کەس مەکە

کاتێک تێکەڵی کەسانی ئیماندار و چاکەکار دەبیت، بزانە کە ئەوانیش مرۆڤن و بێ هەڵە نین؛ بۆیە ئەگەر هەڵەیەکت لە یەکێکیان بینی سارد مەبەرەوە، چونکە پێوەر لای ئێمە "ئایین و بەرنامەی خودایە" نەک هەڵسوکەوتی کەسەکان.

**سێزدەیەم: با گۆڕانکارییەکەت لە ناو ماڵەوە دەست پێ بکات:** هەر لە یەکەم ساتی هیدایەتتەوە، ڕەوشت و مامەڵەت لەگەڵ دایک و باوک و خێزان و دەوروبەرتدا بگۆڕە بۆ باشتر. چونکە جوانترین بەرهەمی "ئیستیقامە" و دینداری، ئەوەیە کە خەڵک لە ڕێگەی تۆوە جوانییەکانی ئیسلام ببینن.

## چواردەیەم: بە جۆش و خرۆشەوە دەست پێ بکە

هەوڵ بدە لە سەرەتاوە زۆر جدی بیت و خاوەن هیمەتێکی بەرز بیت لە ئەنجامدانی کارە چاکەکاندا. ئەم گەرموگوڕییەی سەرەتا، دەبێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگەکە بەردەوام بیت.

## پانزدەیەم: پارێزگاری لە نوێژە سوننەتەکانیش بکە

هەوڵ بدە نوێژە "سوننەتە ڕواتیبەکان" (ئەوانەی پێش و پاش نوێژە فەرزەکانن) فەرامۆش نەکەیت؛ چونکە ئەمانە ئیمانت زیاد دەکەن، دڵت جێگیر دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی خودا خۆشی بوێیت. تەنها بەم جۆرە دەتوانیت تامی شیرینی ئیمان بچێژیت.

**شانزدەیەم: ژیاننامەی پێشەوایان بکە بە سەرچاوەی ئیلهامت** زۆر بخوێنەرەوە دەربارەی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی و چیرۆکی پیاوچاکان؛ چونکە خوێندنەوەی ژیانی ئەوان وەک قەڵغانێکە و لەسەر ئایینەکەت جێگیرت دەکات.

پەروەردگار دەفەرمووێت: (وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ)؛

واتە: لە هەموو هەواڵی پێغەمبەرانت بۆ ئەگێڕینەوە کە خوای گەورە چۆن سەریخستوون و کافرانی لەناوبردووە کە بەهۆیەوە دڵت پێی جێگیرو دامەزراو و پڕ لە دڵنیایی بێت.

## حەڤدەیەم: مەبە بە بارمتەی قسەی خەڵک

دوای تەوبەکردنت، ڕەنگە هەندێک کەس لە خزم یان هاوڕێکانت گاڵتەت پێ بکەن یان ساردت بکەنەوە. هەرگیز گوێیان پێ مەدە و ئاوڕیان بۆ مەدەرەوە! بەڵکو بەوپەڕی شانازییەوە پابەندی ڕێگە ڕاستەکەت بە؛ چونکە تۆ لەسەر ئەو ڕێگەیەیت کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی لەسەری بوون.

## هەژدەیەم: دڵت بە یادکردنەوەی مردن نەرم بکەرەوە

بۆ ئەوەی دڵت هەمیشە زیندوو و نەرم بێت و لە گوناە دوور بکەویتەوە، ناوبەناو سەردانی شوێنی شتنی مردووان و گۆڕستانەکان بکە. ئەم دیمەنانە مرۆڤ لە خەوی غەفڵەت بەئاگا دێننەوە و ڕاستی کاتیی بوونی ئەم دنیایەت بۆ دەردەخەن.

## نۆزدەیەم: ئینتەرنێت بکە بە پردێک بۆ بەهەشت

ســـوود لەو ماڵپەڕ و پەیجە ســـوودبەخشـــانە وەربگرە کە وتار، ئامۆژگاری بەســـوودیان تێدایە. بەڵام وریابە؛ هەمیشـــە بەدوای ئەو ســـەرچاوە و بـــانگخوازە متمـــانە پێکراوانەدا بگەڕێ کە بە میانڕەوی و دروســـتیی پەیامەکەیان ناســـراون، تاوەکو زانیارییەکانت لەسەر بناغەیەکی پتەو بن.

## بیستەم: عیبادەتی نێوان خۆت و خودا فەرامۆش مەکە

بایەخی زۆر بدە بەو پەرستشانەی کە بە تەنها ئەنجامی دەدەیت (عیبادەتی تاکەکەسی)، وەک: ڕۆژووی سوننەت، شەو نوێژ، و دوعا. ئەم جۆرە پەرستشانە پەیوەندییەکی تایبەت و پتەو لە نێوان تۆ و خودادا دروست دەکەن و گەورەترین هۆکارن بۆ ئەوەی لەسەر دینەکەت جێگیر و بەردەوام بیت.

## بیست و یەکەم: کاتەکانت بە کاری جدی بڕازێنەوە

ڕێگە مەدە کاتی بەتاڵت هەبێت، چونکە دەستبەتاڵی دەروازەی شەیتانە. کاتەکانت پڕ بکەرەوە لە کاری بەسوود؛ وەک بەشداریکردن لە ئەڵقەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، و خولە پەروەردەییەکان و گەڕان بەدوای زانستی شەرعیدا.

## بیست و دووەم: کاتت ڕێکبخە و ئامانجت هەبێت

بۆ ئەوەی لە ژیانی نوێتدا بەختەوەر بیت، کاتەکانت ڕێکبخە و چەند ئامانجێک بۆ خۆت دابنێ و هەوڵ بدە پێیان بگەیت، وەک: هاوسەرگیریکردن، دەستپێکردنی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، یان بەشداریکردن لە وانە و کۆڕە ئایینییەکاندا.

## بیست و سێیەم: ڕاوێژ بە زانایان بکە

لە چارەسەرکردنی کێشەکانتدا بە تەنها بڕیار مەدە؛ هەمیشە ڕاوێژ بە مامۆستا و زانایانی ئایینی و کەسانی شارەزا بکە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕاست لانەدەیت.

## بیست و چوارەم: کۆڕی زیکر و عیبادەت هەڵبژێرە

هەمیشە بەدوای ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا بگەڕێ کە باسی خودا و قیامەتی تێدا دەکرێت، بە مەرجێک لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و دەروونی تۆدا بگونجێت و شێوازەکەی کاریگەر بێت بۆت.

**بیست و پێنجەم: ئاگاداری فێڵەکانی شەیتان بە** چونکە شەیتان بە یەکجار ناتخاتە ناو گوناهەوە، بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو پێت ڕادەکێشێت.

وەک چۆن پەروەردگار دەفەرموویێت: (وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ)؛

واتە: «دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون.»

بۆیە لە بچووکترین لادانیش وریابە.

**بیست و شەشەم: لە گۆڕینی خراپەدا پەلە مەکە** ،

ئەگەر خراپەیەکت بینی لە ماڵەوە، لە شوێنی کار یان لە کۆمەڵگەدا، بە پەلە و بە توندی بەرپەرچی مەدەرەوە. ژیر و حەکیم بە لە مامەڵەکردنتدا.

## بیست و حەوتەم: ڕابردوو بکە بە وانە بۆ داهاتوو

ئەزموونەکانی ڕابردووت وەک وانەیەک بۆ ژیانی نوێت بەکاربهێنە. بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕابردوودا بەهۆی هاوڕێی خراپەوە تیاچوویت، ئێستا با ئەوە ببێتە وانەیەک بۆت کە هەرگیز لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا کەمتەرخەمی نەکەیت.

## بیست و هەشتەم: ڕابردووت ڕێگر نییە لەوەی ببی بە مرۆڤێکی مەزن

بزانە کە گەورەیی گوناهەکانت لە ڕابردوودا، ڕێگریت لێ ناکات کە دوای هیدایەت ببیتە مرۆڤێکی مەزن و سەرکەوتوو. تەنها سەرنج بدە؛ عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) پێش ئیسلام چۆن بوو و دواتر بوو بە چی؟ حەمزەی کوڕی

عەبدولموتەڵیب پێش هیدایەت چۆن بوو و دواتر بوو بە چی؟ پێوەر ئەوەیە کە تۆ "ئێستا" کێیت و چۆنیت، نەک ئەوەی لە ڕابردوودا کێ بوویت.

## بیست و نۆیەم: هیدایەت مانای بێبەشبوون نییە

پێویستە تێگەیشتنێکی ڕاستت بۆ ئایین هەبێت؛ هیدایەت ئەوە نییە کە خۆت لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەش بکەیت. تۆ دەتوانیت چێژ لە هەموو شتە "حەڵاڵەکان" وەربگریت بە شێوەیەکی میانڕەو و لە چوارچێوەی شەرعیدا. ئیسلام ئایینی ژیانە، نەک تەنها گۆشەگیری.

## سییەم: گەشتێکی ڕۆحی بکە

هەوڵ بدە بچیتە گەشتێکی ئیمانی، وەک گەشتی عومرە لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکی چاک و دەستپاک. ئەم جۆرە گەشتانە بارگاوی کەرەوەی ڕۆحن و وات لێ دەکەن زیاتر لە خودا نزیک بیتەوە.

## سی و یەکەم: چیرۆکی تەوبەکاران بخوێنەرەوە

بگەڕێ بەدوای چیرۆکی ئەو کچ و کوڕانەی کە وەک تۆ گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا؛ بینینی ئەو نموونانە هێزت پێ دەبەخشێت و پێت دەڵێت کە تۆ تەنها نیت و ئەم ڕێگەیە ڕێگەی سەرکەوتووانە.

## سی و دووەم: لە بانگەوازدا پەلە مەکە

هەر کە تەوبەت کرد، دەستبەجێ مەکەوە ناو دۆخی ئامۆژگاریکردنی خەڵک و بانگەواز (دەعوە)؛ هەتا ئەوکاتەی شارەزای بنەماکانی بانگەواز و ڕەوشتی بانگخواز دەبیت و کەمێک مەشق و ڕاهێنان دەکەیت. با سەرەتا ئامۆژگارییەکانت لە کردارتدا ڕەنگ بداتەوە.

## سی و سێیەم: بە ڕێگەیەکی ڕاست زانست فێربە

هەوڵ بدە زانســـتی شـــەرعی بە شـــێوازێکی دروســـت فێرببیت. باشـترین ڕێگەش ئەوەیە لەگەڵ مامۆســـتایەکی ژیر و شـــارەزا دانیشـــیت تا بەرنامەیەکی گونجاو و ئاســـانت بۆ دابنێت کە لەگەڵ ئاستی تۆدا بگونجێت.

## سی و چوارەم: مافی خەڵک بگێڕەرەوە

شارەزای ئەو حوکمانە ببە کە پەیوەندییان بە تەوبەوە هەیە. بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕابردوودا ماڵ یان پارەیەکی حەرامت خواردووە، دەبێت بیگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر دەستت پێی نەگەیشت، ئەوا بە ناوی ئەوەوە بیدە بە سەدەقە. فێربوونی زانست یارمەتیدەرت دەبێت تا بزانیت چۆن لاپەڕەکانی ڕابردووت بە تەواوی پاک

## سی و پێنجەم: قورئان بکە بە هاوڕێی دڵت

تا دەتوانیت زۆر قورئان بخوێنە؛ چونکە قورئان دڵت پڕ دەکات لە خۆشەویستی خودا و جێگیرت دەکات لەسەر حەق.

## سی و شەشەم: لە توندڕەوی و جۆشی بێزارکەر دووربکەوە

ئاگاداری توندڕەوی و ئەو حەماسەتە زۆرە بە کە وات لێ دەکات لە توانای خۆت زیاتر بار هەڵگریت. هەمیشە هەوڵ بدە بەردەوام بیت لەسەر کارە چاکەکان، با کەمیش بن؛ چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: «خۆشەویستترین کار لای خودا، ئەو کارەیە کە خاوەنەکەی لەسەری بەردەوام بێت، ئەگەر کەمیش بێت.» (بوخاری گێڕاویەتیەوە).

بزانە توندڕەوی و زیادەڕەوی، زۆربەی کات سەر دەکێشێت بۆ ساردبوونەوە و وازهێنان لە هیدایەت.

## سی و حەوتەم: هاوسەرگیری؛ قەڵای پاراستن

ئەگەر هاوسەرگیریت نەکردوە ئەوا تا بۆت دەکرێت و توانات هەیە، پەلە بکە لە هاوسەرگیری کردن؛ چونکە زۆربەی ئەو گوناهانەی کار دەکەنە سەر دینداریی مرۆڤ، سەرچاوەکەیان ئارەزووی جنسییە. هاوسەرگیری دەبێتە قەڵایەک کە لەو شەپۆلە دەتپارێزێت.

## سی و هەشتەم: فەتوا تەنها لە زانایان و کەسی شارەزا وەربگرە:

**وەربگرە:** بۆ پرسیارە شەرعییەکانت تەنها ڕوو بکەرە زانایانی ڕاستەقینە. وریابە لە فەتوای ئەو گەنجانەی کە تەنها چەند مانگێکە تەوبەیان کردووە ؛ چونکە زۆر گەنج هەبووە بەهۆی پرسیارکردن لە کەسی نەزان، کەوتووەتە ناو سەرلێشێواوی و گومڕاییەوە.

## سی و نۆیەم : خێری گشتی بپارێزە

ئەگەر زانیاریت لایە دەربارەی ئەو شوێنانەی کە دەبنە هۆی تیاچوونی گەنجان، وەک شوێنی جادووگەرەکان یان ئەو کەسانەی ماددەی هۆشبەر دەفرۆشن، دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار بکەرەوە؛ ئەمە بەشێکە لە پاککردنەوەی کۆمەڵگە و پاراستنی گەنجانی تر.

## چل : نهێنییەکانی نێوان خۆت و خودا

بزانە کە ئەنجامدانی گوناهـ لە پەنهانیدا (کاتێک کەس ناتبینێت) گەورەترین هۆکاری ساردبوونەوە و هەڵگەڕانەوەیە، بە پێچەوانەشەوە، پەرستش لە پەنهانیدا گەورەترین هۆکاری جێگیربوون و دامەزراوەییە.

**لە کۆتاییدا:** لە خودا دەپاڕێینەوە کە لەسەر ئەم ئایینە جوانە جێگیرت بکات و بتکاتە پێشەنگێکی چاک و نموونەیی لە ناو کۆمەڵگەکەتدا.

---

لە بڵاوکراوەکانی
ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba٨.org - walamakan.com

---

**ئێرە سکان بکە**